# پێڕەوی ناوخۆی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان

پێشنیارکراو بۆ کۆنگرەی چواردەیەمی کۆمەڵە لە لایەن کۆمیسیۆنی ئامادەکاری کونگرە

مانگی مەی ٢٠٢٤


بەشی یەکەم: ناو و بنەما سەرەکیەکانی ڕێکخستن ........................................ لاپەڕەی ٢

بەشی دووهەم: پێکهاتەی ڕێکخراوەیی کۆمەڵە ........................................ لاپەڕەی ٣

بەشی سێهەم: ئەندامەتی ........................................ لاپەڕەی ٥

بەشی چوارەم: کۆنگرە ........................................ لاپەڕەی ٧

بەشی پێنجەم: کۆنفرانس ........................................ لاپەڕەی ١٠

بەشی شەشەم: ئۆرگانە ناوەندیەکانی ڕێبەرایەتیی ........................................ لاپەڕەی ١٠

بەشی حەوتەم: پلینۆم ........................................ لاپەڕەی ١٣

بەشی هەشتەم: کۆمیسیۆنەکانی ناوەندیی ........................................ لاپەڕەی ١٤

بەشی نۆهەم: سکرتاریەتی کۆمیتەی ناوەندیی ........................................ لاپەڕەی ١٥

بەشی دەهەم: بیروڕای جیاواز لە ناو حیزبدا ........................................ لاپەڕەی ١٥

بەشی یازدەهەم: لێپرسینە، سزا و هاندانی حیزبی ........................................ لاپەڕەی ١٦

بەشی دوازدەهەم: ڕێکخستنە تایبەتەکانی کۆمەڵە ........................................ لاپەڕەی ١٨

## بەشی یەکەم:

ناوو بنەما سەرەکیەکانی ڕێکخستن

**بەندی یەکەم:**

ناو: کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان

کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان حیزبێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە کە بە ڕوانینێکی چەپ و سۆسیالیستییەوە هەوڵ بۆ سەربەستیی نەتەوەیی و بەختەوەریی خەڵکی کوردستان، بۆ گەیشتن بە کۆمەڵگایەکی یەکسانی دوور لە هەڵاواردنی چینایەتی و ڕەگەزی دەدا، کوردستانێکی ئازاد کە تێدا کەرامەتی تاکەکان پارێزراو بێ و گەشەی ئازادانەی هەر تاکێک مەرجی گەشەی کۆمەڵگا بێت و دەرفەتی ژیان و پشکووتن و پێشکەوتن بۆ هەمووان هەبێ و ژینگەپارێز و سەقامگیر بێ.

سرووودی فەرمیی کۆمەڵەی زەحمەتکێشان سرووودی بانگەوازە و ئاڵای کۆمەڵە ئاڵایەکی سوورە بە ئەستێرەیەکی پێنج گۆشەیە کە بە ڕەنگی سپی لە ناوەڕاستیدا کێشراوە و لە ژێر ئەستێرەکەدا وشەی کۆمەڵە بە ڕەنگی سپی نووسراوە.

**بەندی دووهەم:** بنەما سەرەکیەکانی ڕێکخستن

بنەمای ڕێکخراوەیی لە کۆمەڵەدا، دێمۆکراسی و بەشداریی هەموو ئەندامان لە هەڵبژاردن و دیاریکردنی ئۆرگانە جۆراوجۆرەکانی بەڕێوەبەرێتی ڕێکخستنەکانی تەشکیلاتە.

١_ بەڕێوەبەرانی هەموو ڕێکخستنەکانی تەشکیلات بە دەنگی ئەندامان و نوێنەرانیان دیاری دەکرێن.

٢_ ڕێکخستنەکان لە چۆنیەتی بەڕێوەبردنی کارەکانیان بە پێی سیاسەتەکانی حیزب لە ناوچەی چالاکی خۆیان خاوەن دەسەڵاتن.

٣_ یەکسان بوونی یاسا و دیسیپلینی حیزبی بۆ هەموو ئەندامانی کۆمەڵە.

٤_ پابەندبوونی تاک و ئۆرگانەکان لە پێوەندی لەگەڵ پەسەندکراوە حیزبیەکان.

٥_ دەنگی زۆرینە، بنەمای ڕێبەرایەتی گشتی لە کۆمیتەکان و ناوەندەکانی بڕیاری حیزبە.

٦_ ڕەچاوکردنی بنەمای ئاشکرایی و شەفافیەت و دیالۆگ لەگەڵ بزووتنەوە سەبارەت بە بابەتە هزری و سیاسیەکان و ئەو بابەتانەی کە پەیوەندیدارن بە چارەنووسی کۆمەڵە، خەڵک و بزووتنەوەکانی کوردستان.

٧_ پارێزراوبوونی مافی تاک و کۆ لە دەربڕینی بیروڕای جیاواز بە شێوەی ئاشکرا لە ئاستی ناوخۆدا.

٩_ ئۆرگانەکانی ڕێبەرایەتی حیزب لە ئاستە جۆراوجۆرەکاندا دەبێت هەڵبژاردەیی بێت.

١٠_ بەرپرسانی شانە حیزبیە نهێنیەکان وەک نوێنەری هەڵبژێردراو لە کۆنگرە و کۆنفرانس بەشدار دەبن.

١١_ کۆمیسیۆنی ئامادەکاری کۆنگرە و کۆنفرانسەکان هاوکات پێشنیاری نوێنەرانی بەشی رێکخستنی نهێنی بە مەبەستی بانگهێشتی کەسانی دیکە لەو ناوچەی تێیدا چالاکی دەکەن وەردەگرێت و تاوتوێی دەکات.

## بەشی دووهەم: پێکهاتەی رێکخراوەیی کۆمەڵە

**بەندی یەکەم**: رێکخستن و بنەما حیزبیەکان

بناغەییترین یەکەی رێکخستنی کۆمەڵە شانەی حیزبیە کە لە شوێنی کار، ژیان و خوێندنگە بە بەشداریی لانیکەم ٣ ئەندام و لانی زۆر ٧ ئەندام پێکدێت.

شانە حیزبیەکان یەکەمین رێکخستن و بنەمای کاری حیزبین بۆ پەیوەندی راستەوخۆ و ئامادەبوون لە ناو جەماوەردا و بۆ بەرەپێشبردنی کاری وشیاریدەرانە لە ناو خەڵکدا. شانە حیزبیەکان ئەرکیانە لە ناو کۆمەڵانی خەڵکدا هەڵسووڕانیان بێت و پێگەی کۆمەڵە پەرە پێبدەن. شانەکان هاوکات دەبێ لە پێکهاتنی رێکخراوە مەدەنی و پیشەییەکان یارمەتیدەر بن و تێیدا بەشداریی چالاکانە بکەن.

**بەندی دووهەم**: کۆمیتەکان

١_ باڵاترین ئۆرگانی هەر رێکخستنێکی ناوچەیی، کۆمیتەی ئەو رێکخستنەیە. کۆمیتە بەرپرسی بەرەوپێشبردنی رێکخستنە کە بە پێی سیاسەت و پەسەندکراوەکانی کۆمەڵە و پێداویستیەکانی خەباتی حیزبی و جەماوەریی لە ناوچەی خۆیدا هەڵسووڕانی هەیە.

٢_ هەر کۆمیتەیەک لە ناو ئەندامانی خۆیدا بەرپرس هەڵدەبژێرێت. ئەرکی بەرپرسی کۆمیتە پەیوەندی لەگەڵ کۆمیتەی سەرەوەو هاوئاهەنگ کردن و چاوەدێریی چالاکیەکانی ئەندامانی کۆمیتەکەیەو هەروەها راپۆرتی چالاکیەکان بە بەردەوامی بە کۆمیتەی سەرەوە دەگەیەنێت.

**بەندی سێهەم**: ئەرکی کۆمیتەکان

١_ بانگەشەی بەرنامەو سیاسەتەکانی حیزب لە نێو جەماوەرو لە ناوچەی جێی چالاکیی.

٢_ پێکهێنانی پەیوەندیی لەگەڵ خەڵک و رێکخراوەکانی دیکە لە چوارچێوەی سیاسەتەکانی حیزب.

٣_ پلانی پەروەردە لە پێناو بردنەسەرەوەی ئاستی وشیاریی سیاسی گشتیی ئەندامان.

٤_ بەشداریی و چالاکی لەگەڵ سەندیکا، رێکخراوە پیشەیی و مەدەنی و جەماوەریەکان.

٥_ تەواوی کۆبوونەوەکانی حیزب بە ئەجێندایەکی لە پێش راگەیەندراو دەسپێدەکات.

**بەندی چوارەم**: بەرپرسایەتی کۆمیتەکان

١_ لە ناوچەی چالاکیەکانی خۆی نوێنەرایەتی حیزب دەکات.

٢_ مافی دیاریکردنی یاریدەدەران.

٣_ کۆمیتەکان دەبێ ئیمکاناتی ماڵی بۆ ئەو بەشەی خۆیان تێیدا چالاکی دەکەن، دابەش و دابین و چاوەدێریی بکەن.

٤_ مافی وەرگرتن، هاندان و سزادانی ئەندامان لە چوارچێوەی ئاییننامەو پەیڕەوی ناوخۆی حیزبدا.

**بەندی پێنجەم**: ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە

١_ ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە بریتین لە:

- ڕێکخستنی ناوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- پێشمەرگە و ئەندامان لە تەشکیلاتی ئاشکرا
- ڕێکخراوی دەرەوەی وڵات

٢_ کۆنفڕانسی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە بە بەشداریی نوێنەرانی هەڵبژێردراو بەڕێوە دەچێت و سیاسەت و پلانی خۆی لە چوارچێوەی پێویستیەکانی کاری لۆکاڵی تاوتوێ و پەسەند دەکات.

٣_ ڕێبەریی کۆمەڵە دەتوانێ لە کاتی پێویستدا ئۆرگانێکی کاتی بۆ بەڕێوەبردنی ئەرک یا پڕۆژەیەکەی دیاریکراو پێک بهێنێت. بەڵام ئەم ئۆرگانانە لە هیچ دۆخێکدا نابێت ئەرک و دەسەڵاتەکانی ئۆرگان و کۆمیتە حیزبیە هەڵبژێردراوەکان بەرتەسک بکاتەوە.

## بەشی سێهەم: ئەندامەتی

**بەندی یەکەم**: مەرجەکانی ئەندامەتی

١ _بەرنامەو پێڕەوی ناوخۆی کۆمەڵەی قبووڵ بێت و پەیڕەوی لێ بکات.

٢ _لە یەکێک لە ڕێکخستەکانی کۆمەڵەدا کار بکات.

٣ _ئەندامان پێویستە مانگانە مافی ئەندامەتی خۆیان بدەن.

٤ _ئەندامبوون لە ڕێکخراوە مەدەنی و پیشەییەکان بەو مەرجە ڕێگەپێدراوە کە لەگەڵ بنەما سەرکییەکانی هێڵی سیاسی حیزب ناتەبا نەبێت.

**بەندی دووهەم**: وەرگرتنی ئەندامەتی لە حیزب

١ــ هەرکام لە بەشە سەرەکییەکانی ڕێکخستن واتە ڕێکخستنی ناوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پێشمەرگە و ئەندامان لە تەشکیلاتی ئاشکرا ، ڕێکخراوی دەرەوەی وڵات ناوەندیکی دیاریکراویان بۆ وەرگرتنی ئەندامەتی دەبێ، ئەو کومیتانە لە لایەن دەستەی کارگێڕەوە دیاری دەکرێن.

٢ _کۆمیتەی پێوەندیدار دەبێ پێشینەی سیاسی و کۆمەڵایەتی کەسی داواکاری لەبەردەستدا بێ.

٣ _داواکار دەبێ لانیکەم یەک ساڵ پێوەندی ڕێکخراوەیی بووبێت .

٤ _چالاکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی ناسراو مێژووی تێکۆشانیان بە فەرمی دەناسرێت .

٥ _کۆمیتەی پێوەندیدار دەبێ لە ماوەی یەک مانگدا کەسی داواکار لە دۆخی پەروەندەکەی ئاگادار بکاتەوە.

**بەندی سێهەم**: ئەرکەکانی ئەندامی کۆمەڵە

١ _نوێنەرایەتی پرەنسیپی خەتی سیاسی و بنەمای فیکری کۆمەڵە روو بە دەرەوە دەکات.

٢ _بۆ بردنە سەرەوەی ئاستی وشیاریی سیاسیی خۆی و هاوڕێیانی، تێبکۆشێت .

٣ _لە چالاکیە حیزبییەکانی ناوچەی هەڵسووڕانی خۆی بەشداریی بکات .

٤ _بەرپرسە لە پاراستنی بابەتە نهێنیەکانی حیزب.

٥ _رەخنەگرتن و رەخنە لەخۆ، وەک ئامرازێک بۆ پێشخستن و چاکسازی تاکەکان و حیزب بەکار بهێنێت .

**بەندی چوارەم**: مافەکانی ئەندام

١_مافی دەنگدان و خۆپاڵاوتن لە هەڵبژاردە حیزبیەکان بە پێی پێڕەوی ناوخۆ .

٢_مافی رەخنەو هەڵوێستگرتن بەرانبەر هەر بڕیارێکی حیزبی و سیاسی هەیە لە رێگەی کۆبوونەوەو کاناڵە حیزبیەکان.

**بەندی پێنجەم**: دانەوەی ئەندامەتی

١ _پەیوەستبوون بە ریزەکانی کۆمەڵە و ئەندامەتیی تێیدا دڵخوازەو دەست لەکارکێشانەوە لە ئەندامەتیش بڕیارێکی ئازادانەیە .

٢ _ئەندامی خوازیاریی دست لەکارکێشانەوە دەبێت ئەم خواستە بە فەرمیی پێشکەشی کۆمیتەی شوێنی چالاکی خۆی بکات و پێویستە هەموو بەرپرسایەتیە رێکخراوەییەکانی و هەروەها دارایی و بەڵگەنامەکانی حیزب بداتەوەو تەسویە حیساب بکات.

٣ _کۆمیتەی پێوەندیدار پێویستە بە شێوەی فەرمیی وەڵام بداتەوە.

**بەندی شەشەم**: ئەندامەتی گرووپ و رێکخراوەکان لە کۆمەڵەدا

١ _لە دۆخی سیاسیی تایبەتدا دەکرێ گرووپ و رێکخراوەکان بە کۆ، ببنە ئەندامی کۆمەڵە.

٢_ وەرگرتنی ئەندامەتی ئەو گرووپ و رێکخراوانەوە لە دەسەڵاتی کۆمیتەی ناوەندیدایە.

## بەشی چوارەم: کۆنگرە

**بەندی یەکەم**:

باڵاترین ئۆرگانی بڕیاردانی کۆمەڵە کۆنگرەیە کە هەر ٤ ساڵ جارێک دەبەسترێت و سیاسەتەکان و شێوازی کاری حیزبی بۆ دەورەی داهاتوو دیاریی دەکات. کۆنگرە لە کاتی دیاریکراو لە پێڕەوی ناوخۆ لە لایەن کۆمیتەی ناوەندیی بانگهێشت و ئامادەکاریی بۆ دەکرێت.

یاساکانی بەڕێوەبردنی کۆنگرە

١_ کۆمیتەی ناوەندیی ٦ مانگ پێش بەڕێوەچوونی کۆنگرە، لە نێوان ئەندامانی خۆیدا کۆمیسیۆنێک بۆ ئامادەکاریی کۆنگرە رێک دەخات. ئەم کۆمیسیۆنە چەند کۆمیسیۆنێکی دیاریکراو لە نێوان ئەندامانی حیزب، بۆ هەرکام لە باسە پێشنیارکراوەکانی کۆنگرە، بە کۆمیتەی ناوەندیی پێشنیار دەکات و رێکخستن و چۆنیەتی کارەکانیان بە پەسەندی کۆمیتەی ناوەندیی دەگەیەنێت.

٢_ هەڵبژاردنەکان بۆ دیاریکردنی نوێنەرانی کۆنگرە دەبێ ٢ مانگ پێش بەڕێوەچوونی کۆنگرە کۆتایی بێت.

٣_ هەر پێشنیارێک بۆ باسکردن لە ئەجیندای کاری کۆنگرەدا دەبێ ٢ مانگ پێش بەڕێوەچوونی کۆنگرە بدرێتە کۆمیسیۆنی ئامادەکار.

٤_ لە کاتی بەڕێوەبردنی کۆنگرەی نائاسایی، کاتی ٦ مانگ ئامادەکاریی بۆ ٣ مانگ کەم دەکرێتەوە.

**بەندی دووهەم**: ئەرك و بەرپرسایەتیەکانی کۆنگرەی کۆمەڵە

١_ بەرنامەو پێڕەوی ناوخۆی کۆمەڵە پەسەند و دیاری دەکات.

٢_ ڕێبازی سیاسیی کۆمەڵە، مەسەلە ئیستراتژیکەکان و تاکتیکە گرینگ و پێویستەکان تاوتوێ و دەستنیشان دەکات.

٣_ ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندیی و کارکردی ئەو کۆمیتەیەو ئۆرگانە سەرەکیەکانی کۆمەڵە ( دارایی، ڕێکخراوەیی، ڕاگەیاندن و ...) لە ماوەی دوو کۆنگرەدا تاوتوێ دەکات.

٤_ ئەندامان و جێگرەکانی کۆمیتەی ناوەندیی هەڵدەبژێرێت.

# جێگرەکانی کۆمیتەی ناوەندیی ژمارەیان لانی زۆر یەک لە سەر سێی ژمارەی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی دەبێت.

**بەندی سێهەم**: بەشداربووانی کۆنگرە بریتین لە:

١_ نوێنەرانی هەڵبژێردراوی هەر کام لە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە و ئەندامان و جێگرەکانی کۆمیتەی ناوەندیی.

٢_ کۆمیتەی ناوەندیی دەتوانێ ئەندامانێک لە ڕێکخستنەکان وەک چاودێر بۆ کۆنگرە بانگهێشت بکات.

٣_ کۆمیتەی ناوەندیی دەتوانێ لە نێوان حیزب و گرووپ و کەسایەتیەکاندا، کەسانێک وەک میوان یا چاودێر بانگهێشتی کۆنگرە بکات.

٤_ ئەندامان و جێگرەکانی کۆمیتەی ناوەندیی تەنیا لە کاتێکدا لە کۆنگرە خاوەن دەنگ دەبن کە لە یەکێک لە ناوەندەکانی هەڵبژاردن وەک نوێنەر هەڵبژێردرابێتن.

٥_ پاڵێوراوی کۆنگرە دەبێ ماوەی ئەندامەتیەکەی لانی کەم پێنج ساڵ بێت.

٦_ یاسا و ڕێژەی هەڵبژاردنی نوێنەرانی کۆنگرە، لانیکەم ٣ مانگ پێش کاتی بەڕێوەچوونی کۆنگرە، دەبێ بە ئاگاداریی ئەندامان و ڕێکخستنی ناوچەکان بگات. ئەم ئاییننامە بە پێی بنەما سەرەکیەکانی باسکراو لە پێڕەوی ناوخۆ و لە لایەن کۆمیتەی ناوەندیەوە ئامادە دەکرێت.

**بەندی چوارەم**: فەرمی بوونی کۆنگرە

بە بەشداریی ٢ لەسەر ٣ی نوێنەرانی خاوەن دەنگ، کۆنگرە فەرمیی دەبێت و دەبەسرێت و بڕیارەکانی بە زۆرینەی دەنگ پەسەند دەکرێت.

**بەندی پێنجەم**: کۆنگرەی نائاسایی

١_ ئەگەر نیوە زێدە یەکی ئەندامانی کۆمەڵە خوازیاری بەستنی کۆنگرەی نائاسایی بن، ئەرکی کۆمیتەی ناوەندیە بانگەوازی کۆنگرە بکات.

٢_ دوو لەسەر سێی کۆمیتەی ناوەندیی دەتوانن داوای کۆنگرەی نائاسایی بکات.

## بەشی پێنجەم: کۆنفرانس

١_ ئەگەر گۆرانکاریی دۆخی سیاسی ناوچەکەو جیهان یان ئاڵوگۆڕە گرینگ و ناوخۆییەکایی حیزب پێویست بکات کە راوێژ و بڕیار لەسەر ئاستێکی بەرینتر لە کۆمیتەی ناوەندیی بخوازێت، پێویستە کۆمیتەی ناوەندیی بانگهێشتی هەموو رێکخستنەکانی کۆمەڵە بۆ کۆنفرانس بکات.

٢_ بەشداربووانی خاوەن دەنگ لە کۆنفرانس بریتین لە ئەندامان و جێگرەکانی کۆمیتەی ناوەندیی و نوێنەرانی هەڵبژێردراوی رێکخستنەکان و کۆمیتە سەرەکیەکان تا ئاستی کۆمیتەی شارستان و بڕیارەکانی کۆنفڕانس بۆ هەموو حیزب پێویستە بەڕێوە ببرێت.

٣_ کۆنفڕانس بە بەشداریی ٢ لە سەر ٣ی ئەندامانی خاوەن دەنگ، فەرمی دەبێت و دەبەسترێت و بڕیارەکانی بە زۆرینەی دەنگ پەسەند دەکرێت.

٤_ ژمارەی نوێنەرانی کۆنفڕانس نابێ لە ٢ هێندەی ئەندامان و جێگرەکانی کۆمیتەی ناوەندیی کەمتر بێت.

## بەشی شەشەم: ئۆرگانە ناوەندیەکانی رێبەرایەتی

**بەندی یەکەم**: لە نێوان دوو کۆنگرەدا، کۆمیتەی ناوەندیی باڵاترین ئۆرگانی بڕیاردانی کۆمەڵەیە و هەموو چالاکی سیاسی، رێکخراوەیی و ماڵی بەڕێوە دەبات.

تێبینی: ئەندامەکانی کومیتەی ناوەندی دەتوانن تەنها لە یەک ئۆرگانی ناوەندیی ڕێبەرایەتیدا ببن، واتە یەک کەس نابێ هەڵگریی دوو یان چەند بەرپرسایەتی لە ئۆرگانە ناوەندییەکانی ڕێبەرایەتیدا بێ.

**بەندی دووهەم**: یاساکانی خۆپاڵاوتن بۆ کۆمیتەی ناوەندیی

١_ ئەو کەسانە دەتوانن کاندیدی کۆمیتەی ناوەندیی بن کە لە ریزبەندی کادرەکاندا خاوەنی باڵاترین ئاستی کادر بن و ناوەندێکی فەرمی حیزب ئەوەی سەلماندبێت.

تێبینی: یاساکانی تایبەت بە ریزبەندی کادرەکان لە لایەن کۆمیتەی ناوەندیی و لە توێی ئاییننامەیەکدا ئامادە دەکرێت.

٢_ پێشینەو بەرپرسایەتی سیاسی و حیزبی هەر کەسێکی پاڵێوراوی کۆمیتەی ناوەندیی دەبێ پێشتر بخرێتە بەر دەستی نوێنەران و بەشداربووان.

٣_ هەر پاڵێوراوێک کە بۆ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی هەڵدەبژێردرێ دەبێ ئامادە بێ لیستی داراییەکانی بداتە کۆمیتەی ناوەندیی بۆ ئەوەی شەفافیەتی ماڵیی ئەندامانی ناوەندیی لە کۆتایی قۆناغی کاریان هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت.

٤ـ بەربژێر بۆ ئەندامی کومیتەی ناوەندی دەبێ لانیکەم ١٠ ساڵ بە بێ دابڕان ئەندامی کۆمەڵە بووبێ و لەو ماوەیەدا بەردەوام لە ئۆرگانە حیزبییەکاندا چالاکانە کارکردبێ و ئەزموونی گرتنە ئەستۆی بەرپرسایەتیی لە ئۆرگانەکانی تەشکیلاتدا بووبێ.

٥ ـ ئەگەر کەس یان کەسانێکی چالاکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و تێکۆشەری خۆشناو و ناسراوی کوردستان لە دەرەوەی تەشکیلاتی کۆمەڵە ئامادەی بەرپرسایەتی هەڵگرتن بوون و ئامادە بوون بۆ بەربژێربوون لە دەرەوەی ئاییننامەی ناوخۆیی، کونگرە مافی بڕیاردان و یەکلاییکردنەوەی ئەو پرسەی هەیە.

٦ ـ ئەو هاوڕێیانەی کە نیشتەجێ دەرەوەی وڵاتن و خۆیان بۆ ئەرك وەئەستۆگرتن لە کومیتەی ناوەندی لە کوردستان بەربژێر ئەکەن دەبێ لانیکەم لە ساڵدا ١٠مانگ لە کوردستان بن و شوێنی چالاکییان کوردستان دەبێ.

٧ـ ئەو هاوڕێیانەی کە خۆیان بۆ کومیتەی ناوەندی بەربژێر ئەکەن نابێ هاوسەر، هاوژین و کەسانی نزیکیان کە پێکەوە دەژین، هاتوچووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران بکەن.

**بەندی سێهەم**: ئەرک و بەرپرسایەتیەکانی کۆمیتەی ناوەندیی

١_ بەرپرسی بەڕێوەبردن و بەرەوپێشبردنی پەسەندکراوەکانی کۆنگرە، کۆنفڕانس و پلینۆمەکانی حیزبە.

٢_ دامەزراوەو رێکخراوە جۆراوجۆرەکانی حیزب رێبەرایەتی، رێنوێنی و هاوئاهەنگ دەکات.

٣_ نوێنەرایەتی کۆمەڵە لە پێوەندی لەگەڵ حیزب و رێکخراوە سیاسیەکان دەکات.

٤_ بەرپرسایەتی بەشی راگەیاندن وبڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی لە ئەستۆیە.

٥_ بەرپرسایەتی بەشی داهات، خەرج، دارایی و چاوەدێریی بووجەی کۆمەڵەی لە ئەستۆیە.

٦_ کۆمیتەی ناوەندیی دەتوانێ لە پێوەندی لەگەڵ پرسە گرینگەکان راوێژ لەگەڵ کەسانی شارەزاو پسپۆڕ بکات.

٧_ بەرپرسایەتی راهێنان و بارهێنانی کادرو ئەندامانی لە ئەستۆدایە.

**بەندی چوارەم**: سکرتێری گشتیی کۆمەڵە

١_ کۆنگرە سکرتێری گشتیی کۆمەڵە هەڵدەبژێرێت.

٢_ سکرتێری گشتیی کۆمەڵە لانی زۆر دوو دەورەی لەسەر یەک ( واتە ماوەی نێوان ٢ کۆنگرە ) لە پۆستی سکرتێریی کۆمەڵەدا دەمێنێتەوە.

**بەندی پێنجەم**: ئەرک و بەرپرسایەتیەکانی سکرتێری گشتیی کۆمەڵە

١_ رێبەریی و نوێنەرایەتیکردنی سیاسەتەکانی حیزبی، روو بە دەرەوەی لە ئەستۆدایە. سکرتێری گشتی بەرپرسی ک.ن کۆمەڵە وەکوو ئۆرگانی بڕیاردەری سیاسیی حیزبە.

٢_ هەر ٣ مانگ یەکجار راپۆرتی کارو چالاکیە سیاسییەکانی خۆی بەشێوەی نووسراوە بە ئاگاداریی کۆمیتەی ناوەندیی بگەیەنێت.

٣. بەشداریی بەڕێوبەری گشتی لە هەر ڕێکخراوە و دامەزراوەیەکدا بە مانای بەشداریی کۆمەڵەی زەحمەتکێشان لەو شوێنانەیە.

٤. لە ئەگەری ڕووداوە گرینگەکان سکرتێری گشتی کومیتەی ناوندی بۆ شرۆڤە و بڕیاردان بانگهێشت دەکا.

٥. سکرتێری گشتی لە کاتی پێویستدا بە ناوی خۆیەوە دەتوانێ لە سەر ڕووداوە سیاسییەکان و بۆ دەربڕینی هەڵوێستی کۆمەڵەی زەحمەتکێشان ڕاگەیاندن بدا.

## بەندی شەشەم: جێگری سکرتێری گشتی

١. لەپەیوەندیی ڕاستەوخۆ لەگەڵ بەڕێوبەری گشتیدا لە کاروباری سیاسیدا کاردەکا.

٢. لە یەکەم پلۆنۆمی دوای کونگرە بۆ دەورەی داهاتوو هەڵدەبژێردرێ.

## بەندی حەوتەم: دەستەی کارگێڕیی، ئەرک و بەرپرسایەتیەکان

١_ یەکەم پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیی دەستەی کارگێری حیزب هەڵدەبژێرێت و تا کۆنگرەی داهاتوو بەرپرسی جێبەجێکردن و بەڕێوەبردنی پەسەندکراوەکان لە نێوان دوو کۆنگرەدایە.

٢_ دەستەی کارگێڕیی لە نێوان دوو پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیی، ڕێبەرایەتی کردەوەیی حیزبی لە ئەستۆیە.

٣_ ئەرکی بانگەواز بۆ پلینۆم، ئامادەکردنی ئەجیندای سمینارو کۆبوونەوەکانی دەستەی کارگێڕیی و کۆمیتەی ناوەندیی لە ئەستودایە.

٤_ سکرتێری گشتی و جێگری سکرتێری گشتی ئەندامی دەستەی کارگێڕین.

٥_ ژمارەی ئەندامانی دەستەی کارگێڕیی بریتیە لە ٥ تا ٧ کەس.

## بەرپرسی دەستەی کارگێڕی حیزب، ئەرک و بەرپرسایەتیەکان

١_ بەرپرسی دەستەی کارگێڕیی ئەرکی بەڕێوەبەریی و هاوئاهەنگکردنی دەستەی کارگێڕیی لە ئەستۆیە.

٢_ ڕاپۆرتی مانگانەی ئۆرگان و کۆمیتە حیزبیەکان وەردەگرێت و پێشکەش بە دەستەی کارگێڕیی دەکات.

٣_ بەرپرسی دەستەی کارگێڕیی لە یەکەم پلینۆمی دوای کۆنگرە و بۆ دەورەیەک تا کونگرەی داهاتوو هەڵدەبژێردرێت.

## بەشی حەوتەم: پلینۆمی کومیتەی ناوەندی

**بەندی یەکەم:**

١_ پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە لەسەر بانگهێشتی بەرپرسی دەستەی کارگێڕیی هەر ٦ مانگ جارێک بەڕێوە دەچێت.

٢_ پلینۆمی نائاسایی لەسەر بانگهێشتی زۆرینەی کۆمیتەی ناوەندیی بەڕێوە دەچێت.

**بەندی دووهەم**: ئەرک و بەرپرسایەتیەکانی پلینۆم

١_ لە یەکەم پلینۆمی دوای کۆنگرە، بەرپرسی دەستەی کارگێڕیی و دەستەی کارگێڕیی حیزب هەڵدەبژێرێت.

٢_ پلینۆم دەتوانێ بە پێی پێویست ئاڵوگۆڕ لە ئەندامانی دەستەی کارگێڕیی و کۆمیسیۆنە ناوەندیەکاندا پێک بهێنبێت.

٣_ پێداچوونەوەو تاوتوێی هێڵە سیاسیەکان و کارکردی شەش مانگەی کۆمیتەی ناوەندیی و ئۆرگانە ناوەندیەکان دەداتە بەر باس و سیاسەتی دەورەی داهاتوو دیاریی دەکات.

٤_  تاوتویّ کردنی راپۆرتی بەشی دارایی و پەسەندکردنی بووجە بۆ دەوری داهاتوو.

## بەشی هەشتەم: کۆمیسیۆنە ناوەندییەکان

کومیسیۆنە ناوەندییەکان، ئۆرگانی بەڕێوەبردن، ڕێکخستن و هاوئاهەنگیی کاری حیزب لە هەرکام لە بوارە سەرەکییەکانی کاری کۆمەڵەدان و هەر کۆمیسیۆنێک لە ٣ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی و جێگرەکانی پێکدێت.

**بەندی یەکەم**:

دەستەی کارگێڕی کۆمیسیۆنەکان و بەرپرسان، ئەندامان و ئەرک و بەرپرسایەتیەکانی کۆمیسیۆنەکان دیاریی دەکات.

کۆمەڵە ئەندامان خۆی لە سێ بەشی سەرەکیدا ڕێکدەخا

١. ڕێکخستنی ناوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

٢. پێشمەرگە و ئەندامان لە تەشکیلاتی ئاشکرا

٣. ڕێکخراوی دەرەوەی وڵات

دەستەی بەڕێوەبەر بۆ بەڕێوەبردنی کارەکانی هەر کام لەو بەشانە کۆمیسیۆنهایەک ڕێکدەخا.

**بەندی دووهەم**: ئەرک و بەرپرسایەتی کۆمیسیۆنەکان

١_ دیاریکردنی یاریدەدەران لە نێو کادرو ئەندامانی حیزب.

٢_ راپۆرتی مانگانەی چالاکیەکانی خۆی بەڕێ دەکات بۆ بەرپرسی دەستەی کارگێڕیی.

٣_ کۆمیسیۆنەکان چاوەدێریی بووجەی ئۆرگانیی خۆیان دەکەن.

٤_ پەروەردەکردنی کادر و ئەندامان و ئامادەکردنی بەستێن بۆ ڕاهێنانی سیاسی و بەرزکردنەوەی ئاستی لێهاتووییەکانیان.

٥_ پرسی یەکسانی و کاری چالاکانە بۆ خولقاندنی دەرفەتی پێشکەوتن بۆ هەموو ڕەگەزەکان.

## بەشی نۆهەم: سکرتاریەتی کۆمیتەی ناوەندیی

١- پلۆنۆمی کومیتەی ناوەندی بەرپرسی سکرتارییەت هەڵدەبژێرێ

٢_ کۆکردنەوەو ڕێکخستنی بەڵگەنامە حیزبیەکان وەک: پەسەندکراوی کۆنگرەکان، پلینۆم و کۆنفڕانس، کۆنووسەکان و پڕۆتۆکۆلە حیزبییەکان.

٣_کۆکردنەوەی ئامارو ژمارەی ئەندامانی حیزب.

٤_کۆکردنەوەی ئامارو ژمارەی سەرجەم گیانبەختکردووان، کەم ئەندامانی حیزب لە هەموو بوارەکانی خەبات وەک شەڕ، زیندان و ... هتد و ئارشیڤکردنیان.

٥_ بەڵگەو دێکۆمێنتەکان بە شێوەی پارێزراو لەبەردەست ئەو کەسانە دەبێ کە پێویستیان پێی هەیە.

٦_ سکرتاریەت بەرپرسیارە لەوەی کە بەڵگەنامەو ئەرشیڤەکانی حیزب بپارێزێت.

## بەشی دەهەم: پێوەرو ڕێساکانی حیزب سەبارەت بە بیروڕای جیاواز

لەبەرچاوگیرانی مافەکانی ئەندامان بۆ ڕەخنەگرتن لە سیاسەت و شێوازی بەڕێوەبەرایەتیی لە کۆمەڵەدا بنەمای پاراستن و پەرەپێدانی دیموکراسیی ناوخۆیی و هاوکات مەرجی مسۆگەربوونی بەرەوپێشچوونی سیاسی و حیزبی و نوێبوونەوەی بەردەوامە. بۆ پاراستنی ئەم خاڵە پێویستە دەرفەت و ئیمکانی شیاو بۆ باسکرانی ڕەخنە و پێشنیارەکانی لە ئۆرگانە حیزبییەکان و ناوەندەکانی بڕیاردا دابین بکرێ و ڕێگە بدرێ ئەندامان بۆچوونی تایبەتی خۆیان بە ئاگاداری ئەندامانی دیکە بگەیەنن و هەوڵ بۆ پەرەپێدانی ئەو بۆچوونانە لە نێو هاوڕێیاندا بدەن .

١ _لەبەر ئەوەی مەرجیی ئەندام بوونی کۆمەڵە قەبووڵ کردنی بنەما فیکرییەکان و خاڵە سەرەکییەکانی ڕوانینی کۆمەڵەیە، بۆچوونی جیاواز پێویستە لە چوارچێوەی ئەو خاڵە سەرەکی و بنەما فیکرییانەدا بێ.

٢ _ئەندام یان ژمارەیەک لە ئەندامان کە بۆچوونێکی جیاوازیان لەباری سیاسی یان بەڕێوەبەرایەتیی ڕێکخراوەییەوە هەیە دەتوانن لە ڕێگەی ئۆرگان و ڕێکخراوی شوێنی کار و ژیانی خۆیانەوە باسەکە بە ئاگاداریی هاوڕێیان و سەرکردایەتیی حیزب بگەیەنن.

٣_ ئۆرگانە و ڕێکخراوە حیزبییەکان دەبێ هەڵی لەبار بۆ باسکردنی بۆچوونی ئەو هاوڕێ یان هاوڕییانە بڕەخسێنن و ئاسانکاری بۆ گەیشتنی دەنگیان نەک هەر بە ناوچە و بەشی چالاکیی خۆیان بەڵکوو بە هەموو بەشەکانی کۆمەڵە بکەن.

٤ ــ بڕینەوەی چارەنووسی ئەو باسانە و ئەو بۆچوونە جیاوازانە لە ئۆرگانە سەرەکییە بڕیاردەرەکاندا (کونگرە و کونفرانسی گشتی) دەبێ و بڕیاری ئەو ناوەندانە باسەکان یەکلایی دەکاتەوە.

## بەشی یازدەهەم: لێپرسینەوە, سزا و هاندانە حیزبیەکان

**بەندی یەکەم**: دیسیپلینی حیزبیی

پابەندبوون بە دیسیپلینی حیزبیی لە پێویستیەکانی کاری ڕێکخراوەییەو لە ئەگەریی لەبەرچاونەگرتنی، کەسی سەرپێچیکار بە پێی یاسا پەسەندکراوە حیزبیەکان بەرەوڕووی سزا دەبێتەوە.

**بەندی دووەهەم**: چۆنیەتی جێبەجێکردنی یاساکانی سزادان

١_ بڕیاری سزا بەسەر ئەندامان، لە دەسەڵاتی کۆمیتەی ئەو ڕێکخستنەیە کە ئەندامەکە تێیدا چالاکیی دەکات.

٢_ لێسەندنەوەی ئەندامەتی لە دەستی کومیتەی ئەندامەتیی ئەو ڕێکخستنە سەرەکییەدایە کە کەسەکە تێدا ئەندامە. (بەشی نهێنی، هیزی پێشمەرگە و تەشکیلاتی ئاشکرا، دەرەوەی وڵات)

٣_ ئەندامی سزادراو مافی ئەوەی هەیە لە کۆمیتەی سەرووتر تا کۆمیتەی ناوەندیی سکاڵا بەرز بکاتەوە و داوای پێداچوونەوە بکات.

٤_ ئەندامی سزادراو مافی ئەوەی هەیە لە کۆبوونەوەی تایبەت بە پێداچوونەوە بە مەبەستی بەرگریکردن لە خۆی بەشداریی بکات.

٥_ کەسی سزادراو کە ئەندامەتی لێوەرگیراوەتەوە دەتوانێ دووبارە داوای ئەندامەتی بکات، داواکرییەکە لە لایەن دەستەی کارگێڕیەوە تاوتوێ دەکرێ و بڕیاری لەسەر دەدرێت.

**بەندی سێهەم:** سزای ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی

١_ سەرکۆنەی ئەندامانی ک.ن لە دەسەڵاتی دەستەی کارگێڕیدایە.

٢_ سزادانی ئەندامانی ک.ن تا ئاستی هەڵپەساردنی ئەندامیەتی، لە دەسەڵاتی کۆمیتەی ناوەندیدایە.

٣_ سزای زیاتر لە سێ مانگ هەڵپەساردنی ئەندامی ک.ن لە دەسەڵاتی پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندی دایە.

٤_ هەڵپەساردنی ئەندامەتی ک.ن تەنها بە دەنگی ٣ لە ٤ی ئەندامانی بەشدار لە پلینۆم جێبەجێ دەکرێ.

٥_ دەرکردنی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی لە دەسەڵاتی کۆنگرەدایە.

## هاندان و پێزانین

ئەندامانی چالاکی کۆمەڵە کە لە ڕاپەڕاندنی ئەرک و کارەکانی کۆمەڵەدا هەوڵێکی زیاتر لە ئاستی ئاسایی دەدەن و بەشداریی بەرچاویان لە کاری حیزبی و سیاسیدا هەیە لە ڕێگەی نامەی فەرمییەوە پێزانین و سپاسی حیزبییان پێشکەش دەکرێ.

ئەم پێزان و سپاسانە وەکوو ڕابردووی کاری ئەندامان لە پلەبەندیی کادرەکاندا لەبەرچاو دەگیرێن.

ئەو ئەرکە لەسەر شانی کومیتەی حیزبییەکان و دەستەی کارگێڕی کۆمەڵەیە.

## بەشی دوازدەهەم: ڕێکخستنە تایبەتەکانی کۆمەڵە

**بەندی یەکەم**: هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە

هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە یەکێک لە ڕێکخستەکانی کۆمەڵەیە کە ڕێبازی فیکری و سیاسیەکانی حیزب دەکاتە بنەمای هەڵسووڕان و چالاکیەکانی خۆی و لەمبارەوە خاوەنی ئاییننامەیەکی ناوخۆیی تایبەتە.

**بەندی دووهەم**: ڕێکخستنی نهێنی کۆمەڵە ( زاگرۆس )

زاگرۆس بەشی نهێنی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە لە کوردستانە کە ئەرک و هەڵسووڕانی خۆی بە پێی ئاییننامەیەکی پەسەندکراوی ناوخۆیی بەڕێوە دەبات.